روانگەی مافی مرۆڤی نەودەوەتی ئێران تەمەتبار دەکات بە پەشێلکردنی مافی مرۆڤ دژی زیندانیان

روانگەی مافی مرۆڤ لە نوێترین راپۆرتیدا ڕایگەیاند، هێزە ئەمنییەکانی ئێران وەکو سەرکوتکردنی ناڕازایەتییەکانی کۆتایی ئێران کە بە "ژن، ژیان، ئازادی" ناوبرا، ئەشکەنجە و دەستدرێژی سێکسیان بە سەر دەستگیرکراوەکان ئەنجامداوە.

ئەم ڕەکخراوە نەودەوەتییەی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکی تایبەتدا لە ڕێژی دووشەممەی ڕابردوو (22ـی نیسانی 2024)، بڕاویکردوە، "دەستدرێژی سێکسی توند لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە وەکو شێوازێک لە پەشێلکاریی مافی مرۆڤ لە بڕانبەر نیارەکانی دەسەڵات بەکاریهێناوە".

لە سەردەمی ناڕازایەتییەکانی خەکی ئێران کە بە گیان لەدەستدانی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینا ئەمینی دەستیپێکرد، لێوکاتەوە و دوای ئەوەش چەندین ڕاپۆرت و بەڵگەنامەی ئەشکەنجە، دەستدرێژی سێکسی و ئازاری جەستەیی لەلایەن ئەفسەرانی ئەمنی و سەربازی کەماری ئیسلامی ئێران لە دژی خۆپیشاندەران بڵاوکرانەوە.

ڕوانگەی مافی مرۆڤی نەودەوەتی لە ڕاپۆرتە نوێکەیدا ڕایگەیاندووە، بە تایبەتی لەکەینەوە لە دەستدرێژیکردنە سەر 10 زیندانی لەمانە کە کەمینە کورد و بەلووچ و ئازەرییەکان تێیدا نیشتەجێن، لە حەوت لەو حاڵەتانەدا دەستگیرکراوان ڕایانگەیاندووە کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ئەشکەنجە دراون

تا دانپەدانانیان لەوەربگیرەت.

ئەم ڕێکخراوە هەروەها باس لەوە دەکات کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژنێکی بەلوچ لەو قوربانیانە کردووە کە نێک هەر ڕووبەڕووبونەوەی ئەشکەنجەی جەستەیی بووە، بەڵکو لەگەڵ دوو ژنی دیکە لە ناوەندێکی دەستبەسەرکردن لە سیستان و بەلووچستان بووە و لەلایەن ئەفسەرانی ئەمنیەوە "لێیدراوە" و "دەستدرێژی سێکسی" کراوەتە سەر.

ئەم ڕێکخراوە لە ڕاپۆرتێکیدا گەڵانەوەی دیکەی ژن و پیاوی ناسازیی کورد، بەلووچ و ئازەری کە لە کاتی دەسبەسەرکردنیان لە سیستان و بەلوچستان، کرماشان، و پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کودستانی بەاوکردەتەوە کە لە لایەن ئەفسەرانی ئەمنیەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر.